ئەی عەباس، ئەی مامی پێغەمبەری خودا، داوای سەلامەت بوون بکە لە خوای گەورە لەم ژیانە ولە ڕۆژی دواییدا

لە عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا شتێکم (نزایەکم) فێر بکە کە بەو نزایە داوا لە خوای گەورە بکەم، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «داوای سەلامەت بوون (پاراستن وعافیەت) بکە لە خوای گەورە»، پاش چەند ڕۆژێکی تر، هاتم و ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا شتێکم (نزایەکم) فێر بکە کە بەو (نزایە) داوا لە خوای گەورە بکەم، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرمووم: «ئەی عەباس، ئەی مامی پێغەمبەری خودا، داوای سەلامەت بوون بکە لە خوای گەورە لەم ژیانە ولە ڕۆژی دواییدا».

[سەحیحە بە ئاماژەکانی تر] [(الترمذي وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

مامی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەناوی عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب -ڕەزای خوای لێبێت- داوای لێکرد کە نزایەکی فێر بکات بۆئەوەی بەو نزایە داوا لە اللە بکات، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فێری کرد کە داوا لە اللە بکات بەوەی عافیەت وسەلامەت بێت لە ناخۆشی وکەموکورتی وعەیبەکان لە دونیا وقیامەتدا، عەباس دەڵێت: پاش چەند ڕۆژێکی تر جارێکی تر هاتمەوە بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وداوام لێکرد نزایەکەم فێر بکات کە بەو نزایە داوا لە اللە بکەم، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەکو دەرپڕینی خۆشەویستیەك بۆی فەرمووی: ئەی عەباس، ئەی مامی پێغەمبەری خودا، داوای عافیەت وسەلامەتبوون بکە لە اللە ؛ بۆئەوەی هەموو زیانێکت لێ دوور بخرێتەوە وهەموو خێرێکت لێت نزیك بێتەوە لە دونیا وقیامەتدا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2932